**زانكۆی سەڵاحەددین – هەولێر**

Salahaddin university-erbil

# بنەما و ڕەگەزە هونەرییەكانی چیرۆكی مینیماڵی كوردی چیرۆكەكانی تێكۆشەر خالد بە نموونە

## پڕۆژەی دەرچوونە

پێشكەش بە بەشی (زمانی كوردی)ی كۆلێژی پەروەردە- شەقڵاوە كراوە ،وەک بەشێک لە پێداویستەكانی بڕوانامەی بە كالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی كوردیدا

ئامادەكراوە لەلایەن:

**ئەزوەر ملاشێخ صمد**

**بوشرا محمد حسێن**

سەرپەرشت

**پ.ی.د.محمد احمد حسن**

**ئەپریل- ٢٠٢٤**

## پێشکەشە بە...

- مامۆستای خۆشەویست و ڕێنیشاندەر (د.محمد مەنتک) هەمیشە یارمەتیدەرمان بووە .
- هەموو مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی کۆلێژەکەمان.

## سوپاس و پێزانین


- سوپاس بۆ خودای گەورە و باڵادەست توانا و دەرفەتی ئەوەی پێداین، کە ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدەم ین
- زۆر سوپاس بۆ ( د.محمد مەنتک) بەدرێژایی چوار ساڵ هەمیشە پاڵپشتم بووە و یارمەتی داوم و گۆڕانکاری لەمندا دروست کرد، هەروەها ئەرکی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەشمانی لە ئەستۆ گرت لە سەرتاوە تا کۆتایی لەگەڵمان بوو بە ڕێنماییەکانی.
- - زۆر سوپاس بۆ یەکە بە یەکەی مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردە-شەقڵاوە.
- سوپاس بۆ هەموو لایەک کە بە وشەیەک یارمەتیان داوم بۆ سەرکەوتن .

**پێڕست**


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ٢ | پێشکەش بە | ا |
| ٣ | سوپاس و پێزانین | ب |
| ٤ | ناوەڕۆک | ث |
| ٥ | پێشەکی | ١ |
| ٦ | بەشی یەکەم: سەرەتایەکی تیۆری بۆ چیرۆکی مینیماڵ | ٢-٧ |
| ٧ | یەکەم: چەمک و پێناسەی مینیما | ٢ |
| ٨ | دووەم: مێژووی مینیمالیزم | ٣ |
| ٩ | سێیەم: مێژووی هونەری مینیمالیزمی کوردی | ٤ |
| ١٥ | بەشی دووەم: ڕەگەزە هونەریی ەکانی چیرۆکە مینیماڵییەکانی کۆچیرۆکی (بەڵێ، هەڵەیەک ڕوویداوە) | ٨-١٦ |
| ١٦ | یەکەم: ناونیشانی چیرۆک | ٨ |
| ١٧ | دووەم: تایبەتمەندییە مینیماڵیزمییەکانی چیرۆکەکان | ١١ |
| ١٨ | سێیەم: ڕەگەزە هونەرییەکانی چیرۆکە مینیمالیزمەکان | ١٥ |
| ١٩ | ئەنجامەکان | ١٧ |
| ٢٠ | لیستی سەرچاوەکان | ١٨ |

## پێشەکی

چیرۆکی مینیمالیزم، وەکوو فۆرمێکی نوێی چیرۆکنووسین، لەگەڵ هاتنی شەپۆلی پۆستمۆدیرنیزم پەیدابووە. ئەم فۆرمە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی دەستی بە نەش و نما کرد توانیویەتی لە ماوەیەکی کەمدا بپەڕێتەوە بۆ ناو زۆربەی نەتەوەکانی دیکە. توێژینەوەکەمان بە ناوی (بنەما و ڕەگەزە هونەرییەکانی چیرۆکی مینیماڵی کوردی چیرۆکەکانی تێکۆشەر خالد بە نموونە) هەوڵێکی ئێمەیە بۆ دەرخستنی بنەما و ڕەگەزە هونەرییەکانی چیرۆکی مینیماڵی لە ئەدەبی کوردیدا. گرنگی توێژینەوەکەمان لەوەدایە، کە فۆرمێکی نوێی چیرۆکنووسین لە ئەدەبی نوێی کوردیدا کاری لەسەر دەکرێت، بۆ ئەوەی هەموو لایەنە هونەرییەکانی بۆ خوێنەران ڕوون بکەینەوە. لە توێژینەوەکەماندا مێتۆدی وەسفی شیکاریمان بەکارهێناوە، چونکە بنەما و ڕەگەزە هونەرییەکانمان وەسف کردووە و دواتر شیکردنەوەمان لەناو چیرۆکەکان بۆ کردوون.

توێژینەوەکەمان لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکە، کە بەشێکی تیۆرییە، بەناوی سەرەتایەکی تیۆری بۆ چیرۆکی مینیماڵ، لە سێ تەوەرە پێکهاتووە. لە تەوەرەی یەکەمەدا چەمک و پێناسەی مینیماڵمان بە گشتی ڕاڤەکردووە. لە تەوەرەی دووەم مێژووی ئەم هونەرەمان باس کردووە و لە تەوەرەی سێیەمیدا باسی ئەم هونەرەمان لە ئەدەبی کوردیدا کردووە. هەرچی بەشی دووەمە، کە بەشێکی پراکتیکییە، بە ناوی ڕەگەزە هونەرییەکانی چیرۆکە مینیماڵییەکانی کۆچیرۆکی (بەڵێ، هەڵەیەک ڕوویداوە)، لە چەند تەوەرەیەک پێکهاتووە، وەکوو باسکردنی ناونیشانی چیرۆکەکان، پاشان تایبەتمەندییە مینیمالیزمییەکانی چیرۆکەکان وەکوو چڕکردنەوە، کورتکردنەوە...تاد لە تەوەرەی سێیەم باسی ڕەگەزە هونەرییەکانی وەکوو ڕووداو، کات، شوێن و کارەکتەرەمان کردووە و نموونەمان بۆ هێناونەتەوە. لە کۆتاییدا ئەنجامەکانمان لە چەند خاڵێک باس کردووە لەگەڵ دانانی لیستی سەرچاوەکان.

## بەشی یەکەم: سەرەتایەکی تیۆری بۆ چیرۆکی مینیماڵ

### یەکەم: چەمک و پێناسەی مینیماڵ

مینیمالیزم بە دیزاینێک یان شێوازێک پێناسە دەکرێت کە تێیدا سادەترین و کەمترین توخمەکان بەکاردەهێنرێن بۆ دروستکردنی زۆرترین کاریگەری. مینیمالیزم سەرچاوەی لە هونەردا هەبووە- بەو شێوەیەی کە کارە هونەریەکان هێڵی سادە و تەنها چەند ڕەنگێک و دانانی وردی ئەو هێڵ و ڕەنگانەیان تێدابوو. ( فرانکۆ،٢٠٠٢،١٢)

نووسینی چیرۆکی مینیماڵ لە زاتی خۆیدا، چیرۆکنووسینی کۆمەڵگای تەکنیکی و شارستانییەتی پێشکەوتووە. ئەو کۆمەڵگایەی مرۆڤ تێکەڵ بە کار و کەرەسە و ماشین دەبێ، خێرایی و کەموچانی و کەمدەرفەتی تایبەتمەندییەکی بەرچاوە و مرۆڤ لەم هەموو کارە مانووە و پشووی سوارە و دەرفەت و توانای بۆ زۆر ڕابواردن و کاران کەم بۆتەوە. ئەمە لە بواری کۆمەڵایەتییەوە. لە ڕوانگەی هونەرییەوە چیرۆکی مینیماڵ نووسین، کاری چیرۆکنووسی زۆر کۆنەکار و کارامە و پسپۆڕە. نووسەر لە پاش نووسینی دەیان و سەدان کورتە چیرۆک و ڕۆمان ئەمجار دەگاتە ئاستێک کە بتوانێ بە نووسینی چیرۆکی مینیماڵ وەکوو خوێندنەوە و بیستنی پارچە مۆسیقایەک هەم خۆی لە نووسینەکەی چێژ ببات و هەم چێژ بە دیتران ببەخشێ.

زۆرجار زاراوەی مینیمالیستی بە شێوەیەکی ئاخاوتنی ئاماژەیە بۆ هەر شتێک یان هەر کەسێک کە یەدەگ بێت یان لە شتە سەرەکییەکانیدا ڕوتکراوەتەوە. ( کویم،٢٠٠٥،١٦) مینیماڵ بەوە ناڵێن کە نووسەر بتوانێ ڕووداوێک زۆر زۆر کورت کاتەوە و لە هەموو جوانییەک و جوانکارییەک بێبەشی کات. چیرۆکی مینیماڵ یانی ئەو چیرۆکەی کە هاتوو لاپەڕەیەک یان دە لاپەڕە یان ڕۆمانێکی مینیماڵیش بوو لە چەند سەد لاپەڕەدا، بەڵام لە نووسین و دەکار کردنی وشە و ڕستە و دەستەواژەدا سەقیلی کرابێ و کەمترین ئەژماری وشە و ڕستە دەکار کرابێ. دەبێ لە نووسینی هەر چەشنە وەسف و شرۆڤە و ڕاڤەیەکی سواو و ناسراو و چەند پات دووری بکرێ. دەبێ جێگە و ڕێگەی ئەوە نەمێنێتەوە کە لە چیرۆکی مینیماڵ یان لە ڕۆمانی مینیماڵ وشەیەک دەرهاوێ و ئاو لە ئاو تەکان نەخوا و نەجووڵێ.

مینیمالیزم، بە شێوەیەکی سەرەکی بزووتنەوەی ئەمریکی لە هونەرە بینراوەکان و مۆسیقادا کە لە کۆتایی شەستەکاندا لە شاری نیویۆرکەوە سەرچاوەی گرتووە و بە سادەیییەکی زۆر فۆرم و ڕێبازێکی وشەیی و بابەتیانە تایبەتمەندە. (ئاسێنسیۆ،١٩٩٧،٩٠)

**دووەم: مێژووی مینیمالیزم**

مێژووی مینیمالیزم لە ئەدەبدا گەشتێکە کە قۆناغە جیاوازەکان و بزووتنەوە ئەدەبییەکان دەگرێتەوە. ئەدەبیاتی مینیمالیستی وەک کاردانەوەیەک لە بەرامبەر شێوازە ورد و ڕازاوەی قۆناغە ئەدەبیەکانی پێشوودا سەریهەڵدا. تایبەتمەندە بە سادەیی و کورتی و گرنگیدان بە توخمە جەوهەرییەکانی چیرۆکگێڕان. لێرەدا کورتەیەک لە مێژووی مینیمالیزم لە ئەدەبدا دەخەینەڕوو:

1 .کاریگەری هێمینگوای[1]:(1930 - 1920)

زۆرجار بە یەکێک لە کاریگەرییە سەرەتاییەکان لەسەر ئەدەبی مینیمالیستی دادەنرێت، شێوازی نووسینی ئێرنست هێمینگوای[2] لە ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠دا بە ڕستەی کورت و زمانی ڕاستەوخۆ و جەختکردنەوە لەسەر کەمکردنەوە دەناسرێتەوە. (ئۆکۆنێل،٢٠١٨،٧٣)

2 .ئەدەبیاتی دوای جەنگی جیهانی دووەم:(1950 - 1940)

دوای جەنگی جیهانی دووەم گۆڕانکاری لە هەستیاری ئەدەبیدا بەخۆیەوە بینی. نووسەرانی وەک ڕیمۆند کارڤەر[3] و ئان بیتی[4] لەم قۆناغەدا سەریان هەڵدا و جەختیان لە سادەیی و ڕیالیزم و خەباتی ڕۆژانەی مرۆڤە ئاساییەکان دەکردەوە.( دوفرێسن،٢٠١٦،٧٥)

---

[1] ئێرنست میلەر هێمینگوای٢١ی تەمموزی ١٨٩٩ – ٢ی تەمموزی ١٩٦١) ڕۆماننووس و کورتە چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکی بوو.

[2] شێوازی هێمینگوای کە لە سەردەمی بزووتنەوەی ئەدەبی مۆدێرنیستیدا سەریهەڵدا، بە مینیمالیزمی و گرنگیدان بە گەیاندنی مانای قووڵ لە ڕێگەی وردبینییەوە دەناسرێتەوە

[3] ڕیمۆند کلیڤی کارڤەر جونیۆر (٢٥ی ئایاری ١٩٣٨ - ٢ی ئابی ١٩٨٨) کورتە چیرۆکنووس و شاعیری ئەمریکی بووە.

[4] ئان بیتی، لە ٨ی ئەیلوولی ١٩٤٧ لە دایکبووە، ڕۆماننووس و کورتەچیرۆکنووسی ئەمریکییە.

3 .مینیمالیزمی ئەمریکی (شەستەکان – حەفتاکان):

مینیمالیزم لە ماوەی ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە ئەدەبیاتی ئەمریکیدا ناوبانگێکی زۆری بەدەستهێنا. نووسەرانی وەک ڕیمۆند کارڤەر، ئان بیتی و فرێدریک بارتێلم پەیوەندییان بەم بزووتنەوەیەوە هەبوو. بە تایبەتی کورتە چیرۆکەکانی کارڤەر (بەیکەر،٢٠١١،٣٦)

4 .مینیمالیزمی پۆستمۆدێرن (هەشتاکان):

بزووتنەوەی مینیمالیستی تا هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەردەوام بوو، نووسەرانی وەک ئیمی هێمپێل و فرێدریک بارتێلم بەشدارییان لەم ژانرەدا کرد. زۆرجار بەرهەمەکانیان گێڕانەوەی پارچەپارچە و گفتوگۆی پوخت و گەڕان بەدوای لایەنە ئاساییەکانی ژیاندا هەبوو. ( بۆلێس،.٢٠٠٧،٥٩)

**سێیەم: مێژووی هونەری مینیمالیزمی کوردی**

زۆر گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە بزووتنەوە هونەریەکان، لەوانەش مینیمالیزم، دەتوانن لە چوارچێوەی جۆراوجۆری کولتووری و ناوچەییدا بە شێوەیەکی جیاواز دەربکەون. ڕەنگە هونەرمەندانی کورد وەک هونەرمەندان لە سەرانسەری جیهاندا ئیلهامیان لە بنەما مینیمالیستیەکان وەرگرتبێت، جەختیان لە سادەیی و کارایی و بچووککردنەوەی توخمەکان بۆ فۆرمی جەوهەری خۆیان کردووەتەوە. ئەم جۆرە فۆرمەش لای زۆرینەی شاعیرانی کورد دەبینرێت،تەنانەت شاعیرێکی وەک بابەتاهیری هەمەدانی، کە زۆرێک لە ڕەخنەگرانی مێژووی ئەدەبی کوردی بە یەکەمین شاعیری کورد دایدەنێن، بە تەواوەتی وابەستەی فۆرمی دوو بەیتی بووە، هەروەها ئەو فەهلەویاتانەشی)شیعرێکی کورتە لە چوار نیوەدێڕدا بە شێوەزارێکی ناوچەیی دەهۆنرێتەوە(، کە لەمڕۆدا دەدرێنەپاڵ بەشێک لە شاعیرانی کوردی ناوچەی لوڕ و گۆران، تێکڕایان دەچنەوە ناو ئەو شێوازەی مینیماڵیستەکان پەیڕەوییان لێکردووە.( حوسێن،.٢٠١٩،٥٤) جگە لەمانەش دەتوانین تاکبەیت(فەرد) بە باشترین نموونەی شێوازی نووسینی مینیماڵی لەناو شیعردا دابنێین، کە کەم شاعیری کلاسیکیی کورد هەیە بۆ دەربڕینی بیرێکی زووتێپەڕ پەنای بۆ نەبردبێت. بۆ نموونە کاتێک(نالی)دەڵێت:

سەوتی نەغمەی بولبولە یا چەهچەهەی خرخاڵییە؟

دەنگی سۆلە یا لەژێرپێی ناڵەناڵی نالییە؟ ( نالی١٣٦٨،.٥٣٨)

سەیردەکەین تەواوی کەرەستەکانی شیعر لەم دێڕەدا هەیە و بە تەواوەتی شێوازێک

بەکارهاتووە، کە پێڕەوی لە کورتبڕی و ئابوریکردنی وشەیی کراوە، بێ ئەوەی هیچ

کەموکورپییەکی واتایی بێتە ناو دەقەکە. نەک هەر ئەمەش نەبوون، یا کەم پێڕەوکردنی یەکێتیبابەت لە شیعری کلاسیکیدا وادەکات هەر دێڕێک لەناو تەلاری شیعرەکە دەربهێنرێت، ببێت بە شیعرێکی سەربەخۆ، لەم بارەشدا شێوازی ئەم دێڕانە دەچنە خانەی نووسینی مینیماڵییەوە. ئەم بارە لەناو شیعری نوێی کوردیشدا لای زۆرێک لە شاعیران هەستی پێدەکرێت و دەتوانین گەلێک نموونەی شیعری وا بدۆزینەوە، کە کەم تا زۆر پەیڕەوییان لەم شێوازە کردبێت، بۆ نموونە شیعری(پەری ئازادی)ی(هێمن):

شینم گەلێک اگێڕا و شادیم کەم:دیوە

خۆشی دەڵێن هەیە، بەڵام نەمدیوە

هەڵوەدا بووم لەدووی پەری ئازادی

تووشی نەبووم نە لەو دیو نە لەم دیوە. (موحەممەدی،٢٧٠٨،.٤١٦)

ئەم شیعرە هەموو ئەو پێداویستییانەی تێدا بەدیدەکرێت، کە پێویستە لە دەقێکی مینیماڵیدا هەبن، هەر لە سادەییەوە بگرە تا کەم بەکارهێنانی وشە و چڕکردنەوەی زمان. سەبارەت بە شێوەی دووەمی مینیمالیزم لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا، کە خۆی لە ڕێبازێکی ئەدەبیدا دەبینێتەوە، دەتوانین بڵێین مینیماڵیزم وەک ڕێبازێک، کە کۆمەڵە شاعیر و نووسەرێک پەیڕەوییان لێی کردبێت و بە وریاییەوە لەسەر ئەم ڕێچکەیە ڕۆیشتبن، نە لە ڕابردوی و نە لە ئێستاشدا بە تەواوەتی دەرنەکەوتووە و نووسەر و شاعیرانی کورد ئاگاییەکی ئەوتۆیان لەم ڕێبازە نەبووە، ئەوەندە هەیە کۆمەڵێک فۆرم و شێوەی مینیماڵی لەناو ئەدەبیاتی هاوچەرخدا دەرکەوتووە، ئەویش لە ڕێگەی کاریگەری ئەدەبیاتی دەرودراوسێ بووە و هەوڵەکانیش زیاتر تاکەکەسی بوون بال دەستەجەمعی. لە ناوەڕاستی حەفتاکان بەدواوە کۆمەڵێک فۆڕمی نوێ لەنای ئەدەبیاتی کوردی یە زاراوەی جیاواز دەردەکەون، کە هەندێکیان

ڕاستەوخۆ دەچنەوە ناو خانەی ئەدەبیاتی مینیماڵی ٢( ئەم فۆرمانەش لە هەردوو لایەنی شیعر و پەخشاندا بەرچاودەکەون.. ( حوسێن،.٢٠١٩،.٤٦) لە بواری شیعریدا جۆرە فۆڕمێکی شیعریی نویَ بە ناوی(پۆستەرەشیعر)دەردەکەوێت و شاعیرێکی وەک شێرکۆ بێکەس وەک خۆی لە کۆمەڵە شیعری کازیوەدا ئاماژەی پێکردووە، یەکەمین کەسێکە، کە ئەم فۆرمەی تاقیکردبێتەوە"من لای خۆمەوە، بۆ یەکەم جار لە ڕۆژنامەی –هاوکاریَ–"ژمارە 481ی:ڕۆژی30/8/1975دا بەناونیشانی دە پۆستەر لە پیشانگای شیعرێکی کۆچەر(دا ئەو زاراوەیەم بەکارهێناوە و نموونەی ئەم جۆرە شیعرانەم بڵاوکردەوە)".بێکەس) ئەم جۆرە شیعرە هەڵگری تەواوی تایبەتمەندییەکانی مینیماڵیزمە و شیعرێکە ژمارەی وشەکانی کەمە و لە دەربڕیندا سادەیە و خاوەن تۆپۆگرافیا و دیزایینێکی جیاوازە و لەژێر کاریگەری شیعری وڵاتانی خۆرئاواییدا لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە هاتۆتە ناوی ئەدەبی کوردییەوە:

کەمانچە

مەدالیای کەمانێکی بچکۆلانەت

دابوو لە سنگ

کە هاتوچۆت

بەبەردەمی مندا ئەکرد

گوێم لیَ ئەبوو

کەمان ئەکەوتە لێدان

پاشتر شتر ئەم فۆرمە شیعرییە وردە وردە شوێنی خۆی لەناو ئەدەبیاتی کوردی دەکاتەوە ی کۆمەڵێک شاعیر پەیدا دەبن، کە لەژێر ناونیشانی زاراوەگەلی وەک)خونچەشیەر، کورتیلەشیعر،بروسکە شیعر، هایکۆ،دڵۆپەشیعر، پەیکەشیعر...( شیعر بەم شێوازە دەنووسن و" ناوەڕاستی نەوەدەکان کورتیلەشیعر دەبێتە فۆرمێکی باوڕ یَف پەسەند ی دەیان دیوان لەچاپ دەدرێن و سەدان دەق لە دووتوێی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاودەکرێنەوە.") (،ئەم فۆڕمە لە ئێستاشدا لەژێر ناوی هایکۆدا لایەنگرێکی زۆری هەیە، تەنانەت یانەیەکیش هەیە بەناوی یانەی هایکۆی کوردی و گۆڤارێکیشیان بەناوی(هایکیست) دەرکردووە و تاوەکو

ئێستا(2023) سێ ژمارەی لێدەرچووە و زۆرینەی شاعیرانی هاوچەرخ کورتیلەشیعرەکانیان تێیدا بڵاودەکەنەوە. (حوسێن،.٢٠١٩،٤٧)

**بەشی دووەم: ڕەگەزە هونەرییەکانی چیرۆکە مینیماڵییەکانی کۆچیرۆکی (بەڵێ، هەڵەیەک ڕوویداوە)**

**یەکەم: ناونیشانی چیرۆک**

بە بڕوای جاک فۆنتێن، ناونیشانەکان لە نێوان توخمە ئەدەبییەکانی دیکەدا، پێکهاتەیەکی کەمی گێڕانەوەیەکن کە لە چوارچێوەی بەرگێکدا دەردەکەون (فۆنتێن، ٢٠١٣، ل٥١٣). ناونیشانەکان لە کورتە چیرۆکەکاندا خزمەت بە چەندین ئەرکی چارەنووسساز دەکەن، ناوبەناو یارمەتیدەر دەبن لە ڕوونکردنەوەی مانای دەق یان وابەستەیی بە گێڕانەوە، یان دروستکردنی تەنز و پارادۆکس لەناو دەقدا. نووسەر ناونیشانەکان وەک ژانرێکی بەرچاو دەزانێت، کە جۆرە جیاوازەکان لەخۆدەگرێت.

1 .ناونیشانی ناڕاستەوخۆ:

ئەم جۆرە ناونیشانە وشەکانی دوو مانا بەکاردەهێنێت، نووسەر بەنیازە مەودای مێتافۆریک بگەیەنێت. بۆ نموونە لە کورتە چیرۆکی "يارییەکانی منداڵان" (ل44)دا، نووسەر لە ژێر ئەم ناونیشانەدا دوو ڕووداو وێنا دەکات. بەڵام پەیامی بنەڕەتی بریتییە لە چڕبوونەوە کردنەوە لەسەر بێهودەیی توندوتیژی و خوێنڕشتن لە کۆمەڵگادا، هاوشێوەی یاریکردنی منداڵان. بە هەمان شێوە نووسەر لە کورتە چیرۆکی "سروشت" (ل66)دا، جوانی دارستانێکی پڕ لە ژیان لە بەرامبەر سروشتی وێرانکەری تاکە کوێرەکانی کە لەسەر وێرانبوونی چەقاوە، دەخاتە تەنیشت. لە "کۆتر" (ل66)دا، نووسەر دوو جۆر مردن دەگێڕێتەوە، کە بە بێتاوانی کۆترێک هێمای بۆ دەکرێت، بە شێوەیەکی نادیار ئاماژە بە مردنی کارەساتبارانەی پاڵەوانەکە دەکات.

2 .ناونیشانی ڕوونکردنەوە:

ئەم جۆرە ناونیشانە جەوهەری دەقەکە ڕوون دەکاتەوە، بەتایبەتی لە ڕووی گرنگی و سروشتی ڕووداوەکەوە. بۆ نموونە لە دەقی "ئەو کوڕەی کە خۆشەویستەکەی بە بلۆکێک کوشت"، نووسەر ناونیشانێک دەخاتە ڕوو کە بە کورتی ڕووداوەکە دەگرێتەوە: کوشتنی بلۆک. بە هەمان شێوە لە کورتە چیرۆکی "ڕووداوی کاتژمێر ١٢" (ل٥٢)دا، ناونیشانەکە ساتەوەختی وردی ڕووداوەکە ڕوون دەکاتەوە.

3 .دوو نازناو:

ئەم جۆرە ناونیشانە بریتییە لە بەکارهێنانی دوو ناونیشان کە هەردووکیان پەیوەندییان بە ڕووداوەکانی کورتە چیرۆکەکەوە هەیە. بۆ نموونە لە چیرۆکی "بەفر، پچڕانی کارەبا"دا، بارینی بەفرێکی زۆر بۆ ماوەی هەفتەیەک وڵات دەگرێتەوە و چارەنووسی منداڵە کرێکارەکان بە نادیاری ماوەتەوە. لێرەدا "بەفر" وەک ناونیشانی سەرەکی کاردەکات، لەکاتێکدا "پچڕانی کارەبا" تەواوکەری دەکات بە تیشک خستنە سەر دەرئەنجامەکانی دواتر و بڕیارەکانی دەسەڵاتدارانی شارەکە. ئەم ڕێبازە دوو ناونیشانە گێڕانەوەکە دەوڵەمەند دەکات بە دابینکردنی کۆنتێکست و تێڕوانینێکی زیادە بۆ ژیانی کارەکتەرەکان و شوێنی چیرۆکەکە (خالید، ٢٠١٣، ل ٨٣).

دووەم: سەرەتا و کۆتایی:

لایەنە سەرەکییەکانی کورتەچیرۆک لە سەرەتاو کۆتاییەکانیاندایە، کە بۆ سەرقاڵکردنی خوێنەر و دابینکردنی داخستن زۆر گرنگن. ئەگەر ڕستەی سەرەتایی نەتوانێت سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت و بیانکێشێتە ناو جیهانی گێڕانەوە، ڕەنگە چیرۆکەکە یەکگرتوویی نەبێت و نەتوانێت دەنگدانەوەی هەبێت لەگەڵ بینەردا.(Dultian, 2009, p. 32)

1 .دەستپێکردنێکی سەرنجڕاکێش و داخستنی چاوەڕواننەکراو:

لەم جۆرەدا چیرۆکەکە بە ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش دەست پێدەکات، بەڵام ئەنجامەکە لە چاوەڕوانییەکانی خوێنەر لادەچێت. بۆ نموونە لە کورتە چیرۆکی "یارییەکانی منداڵان" (ل44)دا، نووسەر بە ئاماژەدان بە مردن توخمێکی جێگیربوون دەناسێنێت، تەنیا بۆ ئەوەی چیرۆکەکە بە یارییەکی یاریزانانە چارەسەر بکات، خوێنەرەکە بە بێئاگا دەبات. بە هەمان شێوە لە فیلمی "دوایین فیشەک"دا چیرۆکەکە بەو شێوەیە دەست پێدەکات کە دیکتاتۆر بیر لە دوا فیشەکی خۆی دەکاتەوە، ئاماژە بە ڕەنگدانەوەی قووڵ دەکات، بەڵام لەناکاو بە کۆچی دوایی کۆتایی دێت، بە سەرپێچیکردنی چاوەڕوانییە ئاساییەکان.

2 .سەرەتای ئاسایی و کۆتایی ناڕوون:

لێرەدا نووسەر بە ڕووداوێکی باو یان وەسفکردنی کارەکتەر چیرۆکەکە دەستپێدەکات و گێڕانەوەکە بە لێکدانەوەیەکی کراوە کۆتایی دێت. لە فیلمی "کەسێک دەگری" (ل63)دا، پاڵەوان بیر لە هەڵسوکەوتی خەمناکیی خۆیان دەکاتەوە، تۆنێکی چۆک بۆ چیرۆکەکە دادەنێت، لە کاتێکدا ئەنجامەکە خوێنەر بەجێدەهێڵێت کە بیر لە گێژاوی ناوخۆیی پاڵەوانەکە بکاتەوە. بە هەمان شێوە لە فیلمی "ژنێکی ڕەشپێست لە باڕەکەی وارشۆ"دا، چیرۆکەکە بە گێڕانەوەی تەمەن و پیشەکەی سوزانا دەکرێتەوە و کۆتاییە ناڕوونەکەی دەبێتە هۆی قسەکردن لەسەر پەیوەندییەکەی لەگەڵ کڕیارەکە و خوشکە ونبووەکەی.

3 .پێشەکی و کۆتایی کە بە دیالۆگ بەڕێوەدەچێت:

ئەم تەکنیکە بریتییە لە چوارچێوەدان بە سەرەتا و کۆتایی چیرۆکەکە لە ڕێگەی دیالۆگەوە، زۆرجار دوو کارەکتەری تێدایە. بۆ نموونە لە فیلمی "چۆن مردیت خانم؟" (ل69)، گێڕانەوەکە وەک گفتوگۆیەک لە نێوان دوو تاکدا دەکرێتەوە کە مردنەکانیان دەگێڕنەوە، چینەکانی ئاڵۆزیی بۆ چیرۆکگێڕانەکە زیاد دەکات. بە هەمان شێوە لە "چی دەڵێیت دەربارەی ئاسمان؟" چیرۆکەکە بە گفتوگۆیەکی نێوان منداڵێک و ئامادەبوونێکی نەبینراو دەست پێدەکات، کەشێکی پڕ لە مەتەڵ دروست دەکات کە تا کۆتایی بەردەوام دەبێت.

**دووەم: تایبەتمەندییە مینیمالیستییەکانی چیرۆکەکان**

**یەکەم چڕبوونەوە**

چڕبوونەوە بریتییە لە چڕکردنەوەی گێڕانەوەکە، کورتکردنەوەی ڕووداوەکان و بەستنەوەیان بە هێڵی سەرەکی پلۆت لە هەمان کاتدا سادەکردن و ڕێکخستنی ڕووداوە سەرەکییەکان، دوورکەوتنەوە لە ژێرپلۆتە ناپێویستەکان، وەسفە درێژەکان و وێناکردنی کەشوهەوا .(NET.SEARCH.WWW) لە کورتە چیرۆکەکاندا، چڕبوونەوە ئەرکی جۆراوجۆر لە ئاستی زمانەوانی، پێکهاتەیی و بابەتیدا دەگرێتەوە، لەوانە بەکارهێنانی زمان، پێکهاتەی ڕستە، فۆکۆسی گێڕانەوە، هەڵبژاردنی بیرۆکە و پاراستنی هێز و زیندوویی گێڕانەوە. بریتییە لە دوورکەوتنەوە لە لێکدانەوە، هۆکارگەرایی و لادانەکانی شیکاری، چڕبوونەوە کردنەوە لەسەر چیرۆکگێڕانی ڕووداوەکان لە هەمان کاتدا ئابووریکردن لەسەر وەسفکردن و چڕبوونەوە کردنەوە لەسەر توخمە سەرەکییەکان. لە کورتە چیرۆکەکانی تێکۆشێر خالیددا چەند لایەنێک تیشک دەخاتە سەر پابەندبوونی نووسەر بە تەرکیزەوە.

1 .پوختی لە وەسفدا:

نووسەر وەسفێکی کەم یان غیابی بەکاردەهێنێت، وەک لە "فرمێسکەکانی باوک" (ل51)دا دەبینرێت، کە ڕووداوێکی بەرچاو بەبێ وەسفێکی ورد دەگێڕدرێتەوە، تەنیا سەرنجی لەسەر کاریگەرییەکانی دەبێت. لەم چیرۆکەدا دەڵێت: ((کوڕم تۆ دەبێت بزانیت لەگەڵ کێ هاوڕێ دەبیت. ئەمەت بۆ لەبیر کرد؟ ٢٤ ساڵە بەدواتدا دەگەڕێن، چاوکانت بکەوە، ئێستا تکایە مەمرە.)). دەبینین هیچ وەسفێک لەم دەقە بەکارنەهاتووە، ئەمەش دەبێتە هۆی گەڕاندنەوەی کاتی خوێندنەوە و خەرجنەکردنی وشە. بە هەمان شێوە لە "سروشت"دا نووسەر بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو باسی توخمە جەوهەریەکان دەکات، وەک دارستانی چڕ، بە دوورکەوتنەوە لە ڕازاندنەوەیەکی زۆر.

2 .ئابووری زمان و پێکهاتەی ڕستە:

نووسەر زمانی پوخت و ڕستەی مۆرفۆسینتاکتیک بەکاردەهێنێت، وەک لە "دوو عاشقی هەڵهاتوو ڕۆژەکەیان لەناو بەفردا کردەوە" هاتووە. ((

-گەردڵەکانمان بکەینە چرا بۆ ئەو سەر،ئەوا ڕووناکترین

کۆتایمان دەبێت.

-گەر چراکانمان خۆش بوێت چی!

-ئیتر دڵەکانمان بەجێ دەمێنێت.

-بەجێ دەمێنێت!

-بەجێ دەمێنێت.

-بیرم کەوتەوە، من دەترسم.

-چی؟

-گۆڕستان ... (خالید،84:٢٠١٢).

نووسەر ڕستەکانی (بەجێ دەمێنێت، دەترسم، چی) لە ئاستی مۆرفۆسینتاکس دەربڕیوە، هەروەها سوودی لە جێناوی لکاوی (مان و من) وەرگرتووە لە بری دەربڕینی ناوی کەسایەتییەکان جگە لەمەشبەهەموویان دیالۆگی شێوازی بەکارهێنانی، چڕکردنەوەیەکی دیکەی بە وشە و ڕستەکان داوە.بە نموونەوشەی (ڕستەکە کۆتایگۆڕستان)،هەس دەربڕینی کارەکتەرەکە واتای زیاترلە وشەیەک دەگەینێت و تێدەپەڕێت بۆ ڕستەیەک.شار چیرۆکی کورتیلە لەگەیشتووە چڕکردنەوە دەگاتە بەرزترین پلە،

3 .کەمترین کات و شوێن پیشاندانی:

ئەگەر کات و شوێن لە چیرۆک و کورتە چیرۆکدا ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبێت، ئەوا لە کورتیلە چیرۆکدا بەم شێوەیە نییە و نووسەر دەتوانێت ئازادانەتر مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، بە جۆرێک دەتوانێت ڕوونکردنەوە و وەسفی زیادەیان لەسەر نەدات، یان لە هەندێ باردا دەتوانێت لایانبەرێت. لە کورتیلەچیرۆکی (دۆزینەوەی دورگەیەکی تر)دا نووسەر بایەخی بە کات نەداوە و شوێنیش لە ڕوبەڕێکی تەسکدا خراوەتەڕوو (( :پیاوە سمێڵزلەکە: گوێبگرن من خاوەنی ئەو دوورگەیەم، دوورگەییەکان: بەڵی گەورەکان. سبەی هەموان ئەو شوێنەیان چۆڵکرد، دوورگەیەکی دیکەیان دۆزیەوە. ئێستە فەرمانداری دوورگە تازەکە، پیاوە سمێڵزەلەکەیە.))

(خالید: ٢٠١٣: ٧٢) لە ڕووداو تێپەڕاندنی بۆ نووسەر دەبینین وەکو و دەکات دیاری کاتەکە (سبەی) وشەیی تاکە بە گۆشەیەکەوە شوێنیشلە(دورگەیەک)دایە ڕووبەریهی ئەوەی بێ ،جۆرە چ ڕازاندنەوەیەکی بۆ کرابێت، یاخود ناوێکی دیاریکراوی درابێتەپاڵ.

4 .نوێنەرایەتی ڕەمزی:

هێماکان ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە کورتە چیرۆکەکاندا دەگێڕن، ڕێگە بە نووسەر دەدات مانا چیندارەکان بگەیەنێت و هەستەکان ورووژێنێت. لە کورتیلە چیرۆکی(سروشت)دا نووسەر

هەوڵی بەڕەمزکردن و پەردەپۆشکردنی داوە: ((باڵندەکان خۆش دەیانجریواند، کەش سایەتی ساماڵ بوو، دارستانە زۆر چڕەکە هی ئەوە نەبووکە مرۆڤ لێی بترسێت. تیشکی خۆر و لقوپۆی درەختەکان، نەخشەسازییەکی بێوێنەیان لەسەر زەوییەکە نەخشاندبوو، بەڵام ئامانە چ سوودێکیان هەن بۆ شەمشەمەکوێرەکان! "کەسێک، کە ڕەنگە ڕاوچی بێت، لە دارستانەکەدا خەریکی کەوڵکردنی شەمشەمە کوێرەکانە.)) (خالید: ٢٠١٣: ٥٤) .لەم دەقەدا نووسەر وشەکانی( ڕاوچی) و (شەمشەمەکوێرە) وەکوو ڕەمزێک بەکاربردووە لەبەرچاوی خوێنەردا چەندین واتای دوور دەبەخشن کە جیاواز لە واتای ڕووکەشی وشەکان.

٥. کورت بڕی

لە کورتە چیرۆکەکاندا، نووسەران زۆرجار بە ڕێکخستنەوەی ڕووداوەکان و تێکدانی ڕێزبەندی کرۆنۆلۆژی، تەحەدای پێکهاتە گێڕانەوە ئاساییەکان دەکەن. ئەم داڕشتنەوەیە ئامانجیەتی کاریگەرییەکانی ساتەوەختە سەرەکییەکان کورت بکاتەوە، جا چ ماندوێتی، ئازار، ڕووبەڕووبوونەوەی خۆش، یان ڕووبەڕووبوونەوە وێنا بکەن. لە ئەنجامدا ڕەنگە جیاوازییە نەریتییەکانی نێوان سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی کاڵ ببنەوە یان تەنانەت بە تەواوی نەمێنن. لە کورتیلە چیرۆکەکانی تێکۆشەر خالیدا کورتکردنەوە و پوختەکردن لە گێڕانەوەی چیرۆکدا ئەنجام دراوە. ڕێکخستنی ڕووداو یان سێ یەکەکەی (سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی) دەستکارییان کراوە و لە هەندێکیشیاندا یەکێک یان دووان لەو سێ ڕەگەزە ون دەبن. لە کورتیلە چیرۆکی (ڕووداوی کاتژمێر12ی شەو)دا، نووسەر چیرۆکەکە لە دوا چرکەساتەکانی کۆتاییدا دەگێڕێتەوە: ((یانی ئەوە نیە بوێری، ناڵێی بمبورە؟! بۆ دواین جار پێت دەڵێم: بڵێ

داوای لێبوردن دەکەم! "پیاوی خاوەن ئۆتۆمبێلە ڕەشەکە ئەوەندەی بە پیاوە لاڵەکە گوت و کوشتی.)) (خالید، ٢٠١٣، ٥٢) لێرەدا نووسەر نەهاتووە زنجیرەی ڕووداوەکان بەشێوەی سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی ڕیز بکات، بەڵکو لە ڕێگەی کورتکردنەوەوە گرینگی بە (کۆتایی) چیرۆکەکەداوە و لە چرکەساتەکانی دواییدا ڕووداوەکەی خستۆتە ڕوو. لە کورتیلە چیرۆکی (بە گوێزان دەماری مل بڕین)دا: ((شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە بەرەو تاق فولکەی سەروو کۆلانی برایم ئەحمەد دەڕۆیشت، لە ناکاو پشیلەیەک کەوتبووە ژێر تایەی ئۆتۆمبێلەکەیەوە یانی خۆ کوشتن ژیی بە ئازار لە پێناو پشیلەیەکدا!؟)) (خالید، ٢٠١٣، ٧٦) لەمەشدا نووسەر سەرەتا چیرۆکەکەی قرتاندووە لە دواچرکەکانی ناوەڕاستی ڕووداوەکەوە دەڕوات بەرەو کۆتاییەکی خێرا و کتوپڕ، کۆتاییەک مەودای لەگەڵ ناوەڕاستدا نییە و لەگەڵ تەواوبوونی ناوەڕاست کۆتایی پێدێت.

**سێیەم: ڕەگەزە هونەرییەکانی چیرۆکە مینیمالیزمەکان**

1 .ڕووداو:

لە چیرۆکە مینیمالەکانی کوردیدا، ڕووداوەکان یان ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە بەرەوپێشبردنی پلۆتەکە. ئەم ڕووداوانە دەتوانن لە ڕووداوی بچووکەوە دەست پێبکەن تا ڕووداوی بەرچاو کە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش ڕەوتی چیرۆکەکە دەگۆڕن. خزمەت بە دروستکردنی گرژی و جێگەی سەرنج و ململانێ دەکەن، خوێنەر سەرقاڵ و سەرسام دەهێڵنەوە. ڕووداوی چیرۆکەکان بە هەر چوار جۆری ڕووداو هاتوون. هەم بە شێوەی زنجیرەیی، و تێهەڵکێش، بازنەیی و هاوتەریب هاتوون. لە چیرۆکی (کوژرانی خاتوو ڕۆنس ئەلینی) ڕووداوەکە بە شێوەی زنجیرەیی دەگێڕدرێتەوە، کارەکتەر لە خەونیدا لەگەڵ دەستەیەک دەگەڕێن بۆ کوشتنی تاوانبارانی جەنگ. کەسێک بەناوی خاتوو ئەلینی لەبن دارێک بە دیل دەگرن، گوایە ئەویش لە جەنگدا بووە لەگەڵ پیاوەکەی و دەیکوژن بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە.

2 .کات:

کات تایبەتمەندییەکی دیکەی جەوهەرییە لە چیرۆکە مینیمالەکانی کوردیدا. زۆرجار نووسەران دەستکاری کات دەکەن بۆ ئەوەی هەستێکی بەپەلەیی دروست بکەن یان ساتەکانی بەرچاو لە گێڕانەوەکەدا دیاری بکەن. جا چ لە ڕێگەی فلاشباکەوە بێت، ڕیزبەندی کرۆنۆلۆژی بێت، یان چیرۆکگێڕانی ناهێڵی، بەکارهێنانی کات قووڵی و ئاڵۆزی بۆ چیرۆکەکە زیاد دەکات، ڕێگە بە خوێنەران دەدات لە پاڵنەر و کردارەکانی کارەکتەرەکان تێبگەن. وەکو نوسەر باسی کاتی خەوتنی پشیلەیک دەکات لە (مەرگی کۆتر)دا نووسەر باس لە دووجۆرە مەرگ دەکات، یەکێکیان خەوی کەسێکە کە لە خەوەکەیدا پشیلەیەک خەریکی خواردنی کۆترەکەیەتی و توانای رزگارکردنی نییە، بەاڵم کاتێ بە خەبەر دێتەوە هەر بەخەیاڵ ئەو خەوە دەچێتە سەربان پشیلەکە راو دەنێت و کۆترەکە رزگار دەکات و لە باوەشی دەکات و دەکەوێتە خوارەوە و گوێی لە دەنگی کەسێک دەبێت کە دەڵێت کەس نازانێت بۆچی خۆی فرێداوەتە خوارەوە و دواتریش بەرە بەرە هەست دەکات کە لەشی سارد دادێت و دەمرێت. نووسەر لە ناونیشان دا وەکو خوازەیەک مەبەستی لە مردنی کەسێکی بێ تاوانی کۆترئاسایە کە واتای شاراوەی دەستەواژەی مەرگی کۆترە.

3 .شوێن:

ئەو شوێنە یان ئەو شوێنەی کە چیرۆکەکە تێیدا هەڵدەگیرسێت، لە مینیمال چیرۆکە کوردییەکاندا زۆر گرنگە. نووسەران بە وردی باسی ژینگەی فیزیکی دەکەن، جا شەقامێکی قەرەباڵغی شار بێت، لادێیەکی ئارام، یان دارستانێکی نهێنی. شوێنی ڕووداوەکە نەک هەر وەک پاشبنەمایەک بۆ گێڕانەوەکە کاردەکات بەڵکو کاریگەری لەسەر مەزاج و کەشوهەوا و تۆنی گشتی چیرۆکەکەش هەیە. شوێنەکان لەم مینیماڵانە، بە شێوەیەکی زۆر چڕ و دیاریکراو کاری لەبارەوە کراوە. بۆ نموونە لە چیرۆکی (دەرکە ئاسنینەکە)، شوێنێکە تەنیا ئاماژەی بۆ کراوە، بەڵام ئێمە دەزانین مەبەست لێی خانووە، چونکە دەڵێت لەودیو دەرکە ئاسنینەکەوە، پیاوە تەنیاکە بووە کرمی بچوک بچوک. ئەمە ئاماژەیە بەوەی پیاوێک لەناو خانووێکدا بەتەنیا ژیاوە. لە چیرۆکی (کەناری)دا ئاماژە بۆ هێلانەی کەناری دەکات، کە لە شوێنێکی گەرمە، بەڵام شوێنێکە قەفەسێکە و دەلالەتە بۆ زیندانیبوونی کەنارییەکە.

4 .کارەکتەرەکە:

کارەکتەرەکان لە چیرۆکە مینیمالەکانی کوردیدا زۆرجار سەرەڕای کورتی گێڕانەوەکە بە شێوەیەکی دەوڵەمەند گەشەیان کردووە. نووسەران بە لێهاتووییەوە پاڵەوان و دژبەر و کارەکتەری پاڵپشت بە کەسایەتی و پاڵنەر و ململانێی جیاوازەوە دروست دەکەن. لە ڕێگەی وەسف و دیالۆگ و کردارێکی زیندووەوە، کارەکتەرەکان لە لاپەڕەکەدا زیندوو دەبنەوە، ئەمەش ڕێگە بە خوێنەران دەدات هاوسۆزییان هەبێت، پەیوەندییان پێوە بکەن، یان سووکایەتییان پێبکەن. نوسەر لێرە کەناری وەکا کارەکتەر بەکار دێنیت  و دەڵی لە کورتیلە چیرۆکی (کەناری)دا نووسەر سوودی وەرگرتووە لە باڵندەیەک کە کەنارییە و لە ڕێگەیەوە کۆمەڵێک خەمی قووڵی مرۆڤی پێ دەردەبڕدرێت، ئەویش خەمی دڵ و خەمی بژێوی و نان پەیداکردنە.

## ئەنجامەکان

١. چیرۆکی مینیماڵ لەگەڵ سەردەمی پۆستمۆدێرنە دەگونجێت و بە یەکێک لە سیما پۆستمۆدێرنەکانی چیرۆک دادەنرێت.

٢. لە کۆی چیرۆکەکانی ناو (بەڵی هەڵەیەک ڕوویداوە) گرنگی زۆر بە تایبەتمەندی مینیماڵیستی دراوە و کۆی چیرۆکەکان لەسەر ئەو بنەمایە داڕێژراون.

٣. چیرۆکنووس لە ڕێگەی چەندین چڕکردنەوە و ئابووریکردن لە وەسف و وشە و ڕستە و ڕوونەکردنەوەی هەموو شتێک توانیویەتی بنەما و تایبەتمەندییەکانی مینیماڵیزم لەناو چیرۆکەکانیدا بچەسپێنێت و ئەو ناسنامەیان پێ ببەخشێت.

٤. چیرۆکنووس چەندین تەکنیکی بۆ دەسپێک و کۆتایی بەکارهێناوە وەکوو دەسپێکی وروووژێنەر و کۆتایی چاوەڕواننەکراو.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بە زمانی کوردی

### ا. کتێب


١. بۆلێس، دی، و ئۆین، ڕ (٢٠٠٧)، هونەری هەژاریی خۆبەخشانە، چاپخانەی زانکۆی ئیلینۆیس.

٢. خالید، تێکۆشەر ،(٢٠١٣)، بەڵێ هەڵەیەک ڕوویداوە، چ٦،چاپخانەی شەهاب، هەولێر

٣. ڕەشید، سابیر ،(٢٠٠٥) ئاوێنە، چ1، چاپخانەی گەنح، سلیمانی

٤. زراری، سەنگەر ،(٢٠١٣) چیرۆک و نامەی راڤەکردن، کۆمەڵێک نووسەر، چ1،چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر

٥. سعید، ئازاد محمد (٢٠١٣)، کورتیلە چیرۆکی کوردی لە باشوری کوردستاندا 1970-1979،چ1 چاپخانەی شەهاب، هەولێر

٦. هێمن، سەید موحەممەدی شێخولئیسالمی(2708)دیوانی هێمن، چاپ و پەخشی چوارچرا، سلێمانی.


### نامەی ئەکادیمی


٧. سەنگەر نازم حوسێن،چیرۆکی مینیماڵی لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا نامەیەکە، پێشکەش بە فاکەڵتیی پەروەردەی زانکۆی کۆیە کراوە وەک بەشێک لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.


### سایتی ئینتەرنێت


٨. بێرتۆنی، فرانکۆ (٢٠٠٢)، تەلارسازی مینیمالیستی، بازل، بۆستن و بەرلین: بیرخاوزەر

https://talarsaz.com/forums/topic/791-%D8%AA%DB%95%D9%84%D8%A7%D8%B1%D8%B3%D8%A7%D8%B2%DB%8C-%D9%85%DB%8C%D9%86%DB%8C%D9%85%D8%A7%D9%84%DB%8C%D8%B2%D9%85/

٩. بەیکەر، ج (٢٠١٠) جەوهەری مینیمالیزم لە دیزایندا گۆڤاری نێودەوڵەتی دیزاین

١٠. دوفرێسن، ج (2016)، نووسینی چیرۆکی زۆرکورت.

١١. ڕۆسێل، کویم (٢٠٠٥) ناوەوەی مینیمالیستی نیویۆرک: کۆلینز دیزاین

١٢. سێرڤەر، فرانسیسکۆ ئاسێنسیۆ (١٩٩٧) تەالرسازی مینیمالیزم نیویۆرک: ئارک